# ڕێبەری نووسینی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بۆ بەشە مرۆڤایەتیەکان کە پەیڕەوی سیستەمی شیکاغۆ(پەراوێزنوسین) دەکەن

ڕێنماییـەکانی ئـەم ڕێبـەرە بـۆ سـوود وەرگرتنـی قوتابیـان و مامۆسـتایان و سەرپەرشتیاران و بەرپرسانی خوێندنی باڵا نووسراوە. یارمەتی قوتابیانی خوێندنی باڵا دەدات، کـە بـەپێی ڕێنماییـەکانی زانکـۆی سـەڵاحەدین-هـەولێر ماسـتەرنامە و تێـزی دکتۆراکەیان بنووسن.

قوتابی خوێندنی بـاڵا لێپـرسراوە کە نـامەکە / تێـزەکەی بە تەواوی بەپێـی ئەم ڕێنماییـانە بنووسـێت و پێشکەشـی هـۆبەی خوێنـدنی بـاڵای کۆلێژەکـان بکـات، هەر لادانێکی بچووک لەم ڕێنماییانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پێدانی بڕوانامەکە و دووبـارە نووسینەوەی نامەکە یان تێزەکە.

ئەم ڕێنماییانە لە سەر هەموو ئەو پسپۆڕیە زانستییە مرۆڤایەتییانەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر جێبەجێ دەکرێت کە بڕیارییان لەسەر دراوە، وەک: کۆلیژی ئاداب بەشەکانی(مێژوو، شوێنەوار و فەلسەفە)، کۆلیژی یاسا، کۆلیژی زانستتە ئیسلامییەکان، کە سیستەمی شیکاغۆ پەیڕەودەکەن لە نووسینی (نامە/تێزە) کان.

ناوەڕۆکی نامە و تێزەکانی خوێندنی باڵا بیروڕای قوتـابی و سەرپەرشـتیارەکەی دەردەبڕێت و ئەوان لە ڕووی زانستییەوە بەرپرسیاریەتی هەڵـدەگرن. ماسـتەرنامەکان و تێـزی دکتۆراکـان دەربـڕینە لە ڕووی زانسـتی و مەعریفـی زانکـۆی سـەلاحەدین، کە دەبێت ڕەچاوی دەستپاکیی زانستی توێژەر بکرێت و لە سەرچاوەیەک وەرنەگیرابێت کە پێشتر بڵاو کرابێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ڕێژەی هاوشێوەیی و لێوەرگرتن( Plagiarism بە بێ هەژمارکردنی (سەرچاوەکان) و بڵاوکراوەکانی توێژەر نابێت زیاتر بێت لە (30٪) بۆ ماستەرنامە و (25٪) بۆ تێزی دکتۆرا هەروەها لە زیرەکـی دەسـتکرد نابێـت لە(5٪)

بەر لەدەسپێک، مەبەست لە وشەکانی (نامە و تێز ) لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دا بەم شێوەیە بەکاردێت:

| کوردی | عە رە بی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ماستەرنامە | رسالة ماجستیر | Thesis |
| تێزی دکتۆرا | أطروحة دکتوراه | Dissertation |

## یەکەم/ بنەما سەرەکییەکان:

نامە و تێزەکانی خوێندنی باڵا لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت:

### أ- بەشی بەراییەکان:

1. بە پێی ڕێزبەندی ئەم لاپەڕانەی خوارەوە دەگرێتەوە :
2. ناونیشان.
3. ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، فەرموودە یان وتەی ناوداران (ئارەزوومەندانەیە) .
4. بەڵێننامەی قوتابی.
5. پشتگیری بە واژووی سەرپەرشتیار، سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ.
6. بڕیاری ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ.
7. پێشکەشنامە.
8. سوپاس و پێزانین .
9. پوختە. پوختە بەزمانی توێژینەوەی پێنوسراوە لەسەرەتا دەنوسرێت.

   بەڵام پوختە بەزمانی دووەم لە کۆتایی دەنوسرێت بەدوو زمانی دیکە جگە لەزمانی توێژینەوەی پێنوسراوە لەنێوان (کوردی/عەرەبی/ئینگلیزی)
10. ناوەڕۆک.
11. لیستی وێنەکان( ئەگەر هەبوو).
12. لیستی خشتەکان( ئەگەر هەبوو).
13. لیستی کورتکراوەکان و هێماکان و ناونانە زانستیەکان( ئەگەر هەبوو).

### ب - بەشی ناوەڕۆک:

بەشی ناوەڕۆک لە پێشەکی و بەشەکان و ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکانی نامەکە/ تێزەکە پێك دیت، کە دوای پێشەکی ناواخنی نامەکە/ تێزەکە دێت، دابەشدەکریتە سەر چەند بەش و تەوەرێك بە پێ تایبەتمەندی بابەتەکە.

**پێشەکی، کە بۆ (نامەکە/ تێزەکە) دەروازەیە، پێویستە ئەم بڕگانە لە خۆ بگرێت:**

1- دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتی توێژینەوە.

2- گرینگی بابەتی توێژینەوە.

3- گرفتی توێژینەوە.

4- پرسیارکانی توێژینەوە.

5- ئامانجەکانی توێژینەوە.

6- سنووری توێژینەوە

7- میتۆدی توێژینەوە.

8- توێژینەوەکانی پێشوو.

9- پلانی توێژینەوە.

**ج - بەشی کۆتایی، پێکدێت لە:**

1- سەرچاوەکان

2- پاشکۆکان

3- بڵاوکراوەکان.

**دووەم / جۆری کاغەز:**

ئەو کاغەزەی، کە توێژینەوەکەی لەسەر چاپ دەکرێت پێویستە جۆرێکی باش بێت وە تەنها لە یەک ڕوو چاپ بکرێت، ڕەنگی سپی بێت، هێڵدار نەبێت، بریقەدار نەبێت، کوندار نەبێت، قەبارە A4 بێت، بارستایی 80 گرام کەمتر نەبێت، ڕێژەی لۆکە تێیدا 25% بێت، وە چاپکردنی وێنەیەک بۆ کتێبخانەی ناوەندی کە ڕێژەی لۆکە تێیدا 100% بێت.

**سێیەم / ژمارەی کۆپییەکان:**

دوای گفتوگۆ و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان و پەسەندکردنی لەلایەن کەسی ڕاسپێردراو کە لیژنەکە دیاریکردووە، لە یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێژ پێداچوونەوە بۆ ماستەرنامەکە/ تێزەکە دەکرێت پاشان وێنەیەک بە سۆفت کۆپی (pdf –Ms Word) بە سیستمێکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەم پرۆسەیە، یا بە

ئیمێڵ ڕەوانەی سەرۆکایەتی زانکۆ/خویندنی باڵا دەکرێت و دوای پەسەندکردن و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی نووسین، خوێندنی باڵا لە سەرۆکایەتی زانکۆ مستەرنامەکە/تێزەکە بە (pdf)ڕەوانەی چاپخانەی زانکۆ دەکات، بە هەمان سیستمە ئەلەکترۆنییەکە (6) دانەی بەرگکراو(دەکرێ ژمارەکە لەسەر داوای قوتابی زیاتربێت)چاپ دەکات، لەسەر قوتابی پێویستە کۆپییەکان بۆ واژۆکردن بگەڕێنێتەوە کۆلیژەکەی، ئینجا قوتابی دوای وەرگرتنی فۆڕمی دابەشکردن شەش دانەی کۆتایی پێشکەش بەم شوێنانە دەکات کە زانکۆ داوای کردووە و دواتر فۆڕمەکە بە واژۆکراوی بۆ خوێندنی باڵای سەرۆکایەتی زانکۆ دەگەڕێنێتەوە، بە مەبەستی دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بۆ بەخشینی بڕوانامەکەی. تێبینی : ئەم کۆپیانە پێویستە بەرگ کرابن، دەبێ بە ڕەنگی ڕەشی تۆخ بێت.

## چوارەم / پەراوێزی لاپەڕەکان :(Margins)

پەراوێزی لاپەڕەکان پێویستە بەم شێوەیە بن:

| جۆری پەراوێز | پەراوێز | Margins |
|---|---|---|
| پەراوێزی چەپ | 2.5 cm (0.98 inch) | Left |
| پەراوێزی ڕاست | 2.5 cm (0.98 inch) | Right |
| پەراوێزی سەرەوە | 2.5 cm (0.98 inch) | Top |
| پەراوێزی خوارەوە | 2.5 cm (0.98 inch) | Bottom |
| سەرنووس | 1 cm (0.4 inch) | Header |
| شوێنی بەستن / چەپ (دروومان) | 0.5 cm (0.2 inch) | Left Gutter |

تێبینی// پێویستە وێنە و نەخشە و خشتەکان و ژمارەی لاپەڕەکان لە چوارچێوەی ئەم پەراوێزانە دەرنەچێت.

## پێنجەم / بۆشایی نێوان دێرەکان و وێنەکان:

سەبارەت بە تێکستی ناوەڕۆک و پوختە، بۆشایی نێوان دێڕەکان (Line Spacing) پێویستە (1.5) خاڵ بێت، بەڵام پەراوێز و تێبینیەکان و پەرەگرافی وەرگیراو و نووسینی ناو خشتەکان و ناونیشانی نەخشە و وێنەکان و سەرنووس و ژێرنووس(Header, Footer) و سەرچاوەکان (1 خاڵ) دەبێت.

هەروەها بەر لە ناونیشانی لاوەکی و دوای ناونیشانی لاوەکی دێڕێکی بەتاڵ بەجێدەهێڵدرێت. لە پێش و لە پاش وێنە و خشتە و نەخشەکان دوو دێری بەتاڵ بەجێدەهێڵدرێت.

لە سەرەتای پەرەگرافدا بۆشاییەک (TAB)جێدەهێڵدرێت، و پێویستە ریزی دێرەکانی نووسین یەك بخرێن (justify) بکرێت.

## شەشەم / ڕەنووس کردن وژمارەدانان (page numbering)

هەموو لاپەڕەکانی نامە و تێزەکە پێویستە ڕەنووس بکرێت(ژمارەیان بۆ دابنرێت) (جگە لە لاپەرەی ناونیشان)، پێویستە قوتابی ژمارەکان لە ژێرەوە (ناوەڕاست) دابنێت و بە شێوازی ئاسایی بنووسێت. بەڵام لاپەڕەکانی بەرایی پێویستە بەرەنووسی ڕۆمانی بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێن:

لاپەڕەی ناونیشانی ناوەوە (بە لاپەڕەی یەکەم ئەژمار دەکرێت بەلام  ژمارەی لێنادرێت)

II. ئایەتی قورئانی پیرۆز، فەرموودە یان وتەی ناوداران (ئارەزوومەندانەیە).

III. بەڵێننامەی قوتابی.

IV. پشتگیری سەرپەرشتیار، سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ.

V. بڕیاری ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ.

VI. پێشکەشنامە

VII. سوپاس و پێزانین

VIII. پوختە

IX. ناوەڕۆک

X. لیستی وێنە و نەخشەکان

XI. لیستی خشتەکان

XII. لیستی کورتکراوەکان.

لاپەڕەکانی کۆتایی بەم شێوازانەی خوارەوە ژمارەیان بۆ دادەندرێت:

- سەرچاوەکان : ژمارەی لاپەڕە تەواوکەرە لەگەڵ پیتی R بۆ نموونە :

  R103, R104, R105

- پاشکۆکان: ژمارەی لاپەڕە تەواوکەرە لەگەڵ پیتی A بۆ نموونە:

  A106, A107, A108

- بڵاو کراوەکان: ژمارە لاپەڕە بڵاوکراوەکان لەگەڵ پیتی P بۆ نموونە:

  P110, P111, P112

## حەفتەم / پیت و فۆنتەکان:

- نووسینی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبێ بە کیبۆردی کوردی (central Kurdish keyboard) و فۆنتی (Calibri) بەکاربهێنرێت، بەمەرجێ لار *Italic* نەبێت، تێکەڵ script نەبێت، هێڵی بەژێردا نەهاتبێت (underline ) و پێویستە فۆنتی نامەکە / تێزەکە هەمووی یەك فۆنت بێت بە پێی زمانی نووسینەکە.

قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت:

- بەشەکان (بەشی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی سێیەم ...) پێویستە بە قەبارەی 16 تۆخ بێت؛ واتە:
- ( 16 point, bold ) بکەوێتە ناوەڕاستی لاپەڕە.
- ناونیشانەکان، وەك (پێشەکی ، پوختە ، تەوەرەی یەکەم ...) پێویستە 14 بێت؛ واتە
- (14point, bold)بکەوێتە ناوەڕاستی لاپەڕە.
- تێکستەکان یان ناواخني نامەکە /تێزەکە پێویستە قەبارە (14) بێت.
- پەراوێزەکان و تێکستەکانی ناو خشتەکان پێویستە قەبارە (12) بێت.
- دەکرێت لەکاتی خواستنی پەرەگرافێک یان تێکستێک بە زمانێکی تر شێوازی لار *Italic* بەکاربهێندرێت.
- تەنها ڕەنگی ڕەش بۆ چاپکردنی نامە و تێزەکان ڕێگەپێدراوە.
- لاپەرەی ناونیشان و بەرگ وەکو لە نموونەی پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە دەنووسرێت.
- ژمارەی لاپەڕە بە ژێرنووس لە ناوەڕاستی لاپەڕە لە خوارەوە دەنووسرێت بە شێوازی (1،2،3)واتا ئینگلیزی و پێویستە قەبارە (12)بێت.

## هەشتەم / وێنە وخشتەکان:

پێویستە هەموو وێنە وخشتەکان لە ڕووبەری تەرخانکراوی نووسین دەرنەچن، ئەگەر وێنەیەک، یان خشتەیەک بەشێوازی ئاسۆیی Landscape داندرا پێویستە لای سەرەوەی وێنەکە ڕووی لەلای کەعب (درووومان، کەپسکردن) بێت.

- هەموو وێنە و خشتەکان پێویستە ناونیشانیان هەبێت و ژمارەیان بۆ دابندرێت.
- ژمارە و ناونیشانی وێنەکان لەژێر وێنەکان دەنووسرێت و لەناوەڕاست دادەندرێت، لە ئەگەری زیاتر لە سێ دێر نووسراو دەبێت Justify بکرێت.
- ژمارە و ناونیشانی خشتەکان لەسەرەوە دەنووسرێت و بۆ کوردی و عەرەبی لای ڕاست و بۆ زمانی ئینگلیزی لای چەپی دەبێت.
- پێویستە ژمارەی چاپتەرەکە لەگەڵ ژمارەی وێنە و نیگار و خشتەکان دابندرێت.

بۆ نموونە:




**Fig. 3.1 Distribution of study population to departments**

**Table 3.1 the Population Distribution of the Study**

| No. | Department | No. of Samples |
|---|---|---|
| 1 | Archaeology | 116 |
| 2 | Media | 89 |
| 3 | History | 104 |
| 4 | Sociology | 14 |

- ✓ لە ناو دەقەکان، لە کاتی ئاماژە کردن بە وێنەکان دەبێت بەم شێوەیە بێت:

**Fig. 3.1 depicts the graphical representation of the study population.**

- ✓ بۆ ئاماژەکردن بە زیاتر لە وێنەیەک (Figs. 3.1, 3.2, ) بەکاردەهێنرێت.

- ✓ خشتەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**Samples data of study population in the college of Arts are presented in Table 3.1.**

## نۆیەم / سەرچاوەکان و پەراوێزەکان (References And Footnotes)

سەرچاوە بەشێکی هەرە گرنگی نامە و تێزی ئەکادیمییە. بریتیە لەو شوێنەی زانیاری لێوەرگیراوە. پێویستە لیستی سەرچاوەکان لە دواوەی دەقی نامە/تێزەکە و بەر لە پاشکۆکان دابندرێت. پێویستە سیستەمی سەرچاوە نووسینی شیکاغو پەیرەوە بکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی پەراوێز بۆ ئاماژەدان بە سەرچاوەکان بە ژمارە و کەوانەوە() لە ناوەڕۆک و لە دامێنی لاپەڕەکە، بەجۆرێک هەر لاپەڕەیەک پەراوێزی خۆی هەبێت و لە ژمارە (1) دەست پێ بکات.

سەرچاوەکان دەبێت سەرچاوەی ڕەسەن بن و لە Wikipedia و پەیجی نەناسراوی ئینتەرنێت وەرنەگیرابن و دەبێت توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤارە زانستیە باوەڕپێکراوەکان هەبێت.

چەند نموونەیەك لە شێوازی ئاماژەدان بە سەرچاوە لە سیستەمی شیکاغۆ:

- بۆ یەکەمر جار بەکارهێنانی سەرچاوە:

1- پەرتووك:

ناوی دانەر، ناونیشانی پەرتووك، و: ناوی وەرگێڕ ئەگەر هەبوو، ژمارەی چاپ، خانەی چاپ و بڵاوکەرەوە، شوێن، ساڵی چاپ، ل100.

ئەگەر دوو دانەری هەبوو ناوی هەردووکیان دەنووسرێت، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو ئەوا تەنیا ناوی کەسی یەکەم دەنووسرێ لەگەل وشەی " وە ئەوانی دیکە" .

نموونە:

- محەمەد کەمال، فەلسەفەی ئەزموونگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2020، ل50.
- عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، إتفاقية 10 شباط1964 الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، 2013، ص67.
- جليلي جليل وآخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت: عبدي حاجي، مؤسسة موكرياني، مطبعة خاني، دهوك، 2012. ص32.

2- گۆڤار و ڕۆژنامە.

گۆڤار: ناوی توێژەر، ناونیشانی توێژینەوە ، ناوی گۆڤار، ئەو لایەنەی گۆڤارەکە بڵاودەکاتەوە، شوێنی دەرچوون، بەرگ ( )، ژمارە ( )، ساڵی دەرچوون، ل 85.

ڕۆژنامە: ناوی نووسەر، ناونیشانی ووتار، ناوی ڕۆژنامە، ژمارە()، ساڵی دەرچوون، ل.

نموونەی گۆڤار و ڕۆژنامە:

- پ.د.شيرزاد عزيز سليمان، د.يونس عثمان علي، مبدأ القوة الملزمة للعقد وأسسه القانونية-دراسة مقارنة، مجلة قەڵای زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، المجلد(5)، العدد(3)،2020، ص385.

- پ.د.رزگار محمد قادر، م.هاوکار عمر احمد، دەستوەردانی یاساکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاساوڕامیاری، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەولێر، بەرگی (21)، ژمارە(34)، 2023، ل34.

**3- ماستەرنامەو و تێزی دکتورا:**

**ناوی توێژەر، ناونیشان (تێزی دکتورا/ ماستەرنامە)، کۆلێژ، زانکۆ ، ساڵ، ل 45.**

- **شوان محەمەدئەمین خۆشناو، لیوای هەولێر لە نێوان ساڵانی 1963-1970-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسی، (دکتۆرا)، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، 2016، ل 55.**

**4- کۆنفرڕاس:**

**ناوی توێژەر، ناونیشانی توێژینەوە، ناونیشانی کۆنفراس، ژمارەی کۆنفراس، لایەنی ڕێکخەر، شوێن، ساڵ، ل.**

**5- پێگەی ئەلیکترونی:**

**ناوی نووسەر یان ناوی پێگەکە، ناونیشانی بابەت، مێژووی بڵاوکردنەوە، ناونیشانی پێگەکە، لینکی بابەتەکە، (ڕۆژی سەردان).**

**لەکاتی دووبارە بەکارهێنانەوەی هەمان سەرچاوە:**

1. **ئەگەر ڕاستەو خۆ بوو ئەوە تەنیا دەنووسرێت: هەمان سەرچاوە .**
2. **ئەگەر سەرچاوەی دیکە لە پێش هەبوو، یان لاپەڕەی دواتر بوو، ئەوا بەم شیوە دەنووسرێت:**

   **ناوی نووسەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.**

   - **یاخود: ناوی نووسەر، ناوی سەرچاوە وەک خۆی، ل**

**لەکاتی بەکارهێنانی دانراوێکی جیاوازی هەمان نووسەر ئەوا لە بەکارهێنانی یەکەم ڕەچاوی شیوازی یەکەمجار بەکارهێنانی سەرچاوە دەکرێت، وەك لەسەرەوە دیاری کراوە، لە جاری دووەم بەم شێوە دەنووسرێ: ناوی نووسەر، ناوی سەرچاوە، ل22.**

-هەروەها سەبارەت بە نووسینی هارڤارد بۆ ئەو بەشانەی پەیڕەوی دەکەن بەم شێوەیە:

چەند نموونەیەکی سەرچاوە نووسین بە سیستەمی هارڤارد

گۆڤاری ئەکادیمی لە ناوەڕۆکی نامە و تێزی خوێندنی باڵا بەمجۆرە ئاماژەی پێدەکرێت:

Trefts and Blacksee (2000) argue that....

یان

"Quotation" (Trefts and Blacksee, 2000)

لە لیستی سەرچاوەکانیش گۆڤاری ئەکادیمی بەمجۆرە دەنووسرێت ، پێویستە ناوی گۆڤارەکە بە لاری بنوسریت :

Rahimoon, A.A., Abdullah, M.N., Soomro, D.M., Nassa Rassar, M.Y., Memon, Z.A. & Shaikh,P.H., 2020. Design of Parabolic Solar Dish Tracking System Using Arduino. *Indonesian Journal of Electrical Engineering and Computer Science*, 17(2), pp.914-921. http://doi.org/10.11591/ijeecs.v17.i2.pp914-921

سەرچاوەی کۆنفرانسی زانستی بەم جۆرە دەنووسرێت ، پێویستە ناوی کۆنفرانسەکە بە لاری بنوسریت :

V. G. García-Macías, L. A. Hernández-García, C. Morales-Chavarría, AND E. Ricárdez-Vázquez., 2018. Endohaptic: virtual system for endodontic training using haptic devices. *In Proceedings of the 7th Mexican Conference on Human-Computer Interaction (MexIHC '18). Association for Computing Machinery*, New York, NY, USA, Article 17, 1–4. https://doi.org/10.1145/3293578.3293594

نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بەم جۆرە دەنووسرێت ، پێویستە ناونیشانی ماستەرنامەکە/تێزی دکتۆراکە بە لاری بنووسرێت.

Walters, J., 2020. *Diagnostic accuracy of maxillary periapical pathology perforating the sinus floor: a comparison of pantomograph and CBCT images*. M.Sc. Thesis. University of the Western Cape. Retrieved from http://hdl.handle.net/11394/7349 2020.

Smith, E. R. C., 2019. *Conduits of invasive species into the UK: the angling route?* Ph. D. Dissertation. University College London. Available at: https://discovery.ucl.ac.uk/id/eprint/10072700 (Accessed: 20 May 2021).

تێبینی: نابێت ناوی توێژەرەکان بە (et al.) لە لیستی سەرچاوەکان کورتکرابێتەوە.

**گۆڤاری ئەکادیمی ئۆنڵاین (ئینتەرنێت) لە لیستی سەرچاوەکان بەمجۆرە دەنووسرێت:**

**Wilson, J . ,1995. Enter the Cyberpunk librarian: future directions in cyberspace. *Library Review*. [Online] Emerald Database 44 (8). p.6372. Available from: http://www.emeraldinsight.com. [Accessed: 30th January 2023].**

**کتێب لە ناوەڕۆکی نامە و تێزی خوێندنی باڵا بەمجۆرە ئاماژەی پێدەکرێت:**

**As noted by Bradbury, Boyle and Morse (2002)**

**یان**

**"Quotation" (Bradbury et al., 2002)**

**کتێب لە لیستی سەرچاوەکان بەمجۆرە دەنووسرێت، پێویستە ناوی کتێبەکە بە لاری بنووسرێت.**

**Bradbury, I., Boyle, J. and Morse, A., 2002. Sc*ientific Principles for Physical Geographers*. Harlow Prentice Hall.**

**دەیەمر / قەبارەی نامە و تێزەکان:**

**قەبارەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا پێویستە لەمر قەبارە دیارکراوانە تێنەپەڕێت بۆ ئەو لاپەڕانەی ژمارەیان بۆ دانداوە وەهەروەها تاکو کۆتایی لاپەڕەی سەرچاوەکان هەژمار دەکرێت:**

| پسپۆری | ماستە ر | دکتۆرا |
|---|---|---|
| مرۆڤاتییەکان | 120-200 لاپەڕە | 220-350 لاپەڕە |

**سەبارەت بە ساغکردنەوەی دەستنووسەکان، کە لە هەندێ کۆلێژ پەیڕەوە دەکرێت وەك ماستەرنامە و دکتورا، لە ژمارەی لاپەرەی زیاد دەبەخشرێن، بە پێی پێویستی ساغکردنەوەکە.**

**تێبینی گشتی:**

- **لە لیستی ناوەرۆکی ماستەرنامە، یاخود تێزی دکتۆرا، پێویستە هەر بەشێک سەرەتا و کۆتایی ژمارەی بەشەکە بنووسرێت، واتە بەم شێوەیە:**

**بەشی یەکەم (25-5)**

**بەشی دووەم (50 – 27 ) ...هتد**

- **لە لیستی ناوەرۆکی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا، لیستی سەرچاوە، بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەکرێت:**
- **. R110 –R125**

**بەڵام ئەگەر ماستەرنامە، یاخود تێزی دکتۆرا، پاشکۆی هەبوو ئەوا بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ دەکرێت:**

| | |
|---|---|
| **لیستی سەرچاوە** | **R100-R125** |
| **لیستی پاشکۆکان** | **A132-A126** |
| **لیستی بڵاوکراوەکان** | **P135-P133** |

**تێبینی: لە پاشکۆکان ئەگەر وێنەی بەڵگەنامەیی یوون، پێویستە لەسەرەوە ژمارەی پاشکۆکە() و ناونیشانەکە لە ناوەڕاست بنووسرێت و لە خوارەوەش ئاماژە بە سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەم بەڵگەنامەیە بکرێت.**

# نموونەی لاپەڕەکان

هەرێمی کوردستانی عیراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەددین -هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و کاروباری زانستی

به فونتی یونیکود قەبارەی 20 خاڵ توخ

## ناونیشانی نامەکە( تێزەکە)

**نامەیەکە / تێزێکە**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی................ لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کراوە، وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بروانامەی ماستەر/ دکتۆرای فەلسەفە لە ....................**

به فونتی یونیکود قەبارەی 18 خاڵ

**لەلایەن**
**ناوی سیانی قوتابی**

به قەبارەی 18 خاڵ توخ

**بەسەرپەرشتیاری**
**ناوی سەرپەرشتیار**

به قەبارەی 18 خاڵ توخ

مانگ و ساڵی تاوتوێ (گفتوگۆ)

**1445ك** **2723ک** **2024 ز**

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە/تێزی دکتۆرایە، بە ناونیشانی (.......................................)، هەر هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسیی خۆمە، جگە لەم جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو: ..................................

ناوی قوتابی: ..................................

بەروار:.................................

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

**ئەم ماستەرنامە/تێزە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر/دکتۆرا لە پسپۆڕی ................، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لێژنەی گفتوگۆ بکرێت.**

**واژوو..........................................**

**ناوی سەرپەرشتیار: ..................................**

**بەروار: .......................................**

**پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.**

**واژوو..........................................**

**ناو: ............................................**

**سەرۆکی بەش**

**بەروار:.......................................**

**پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.**

**واژوو.......................................**

**ناو: .......................................**

**بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ**

**بەروار...................................**

## بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردن

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، کە پێداچوونەوەمان بەم ماستەرنامە/تێزەدا کردووە بەناونیشانی: (.................................................................) کە پێشکەش کراوە لەلایەن قوتابی ماستەر/دکتۆرا (..............)، و لەگەڵیدا گفتوگۆمان لە ناوەڕۆکەکەی کردووە و ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە، و لەسەر بنەمای ئەوەش بڕیار دەدەین کە شایەنی قبوڵکردنە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر/دکتۆرا لە (......................).**

| | |
|---|---|
| **واژوو:** | **واژوو:** |
| **ناو:** | **ناو:** |
| **ئەندام** | **ئەندام** |
| **بەروار:** | **بەروار:** |

| | |
|---|---|
| **واژوو:** | **واژوو:** |
| **ناو:** | **ناو:** |
| **ئەندام** | **ئەندام** |
| **بەروار:** | **بەروار:** |

| | |
|---|---|
| **واژوو:** | **واژوو:** |
| **ناو:** | **ناو:** |
| **ئەندام و سەرپەرشتیار** | **سەرۆکی لێژنە** |
| **بەروار:** | **بەروار:** |

**............................................................................................................................**

**واژوو:**

**ناو:**

**ڕاگری کۆلیژ**

**ڕێکەوت:**

اقليم كوردستان العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين- اربيل
مديرية الدراسات العليا والشؤون العلمية

بخط (Simplified Arabic)
حجم 20 نقطة عريض

**عنوان الرسالة/الأطروحة**

**رسالة/ أطروحة**

**مقدمة الى مجلس كلية ........ في جامعة صلاح الدين-أربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير/ دكتوراه فلسفة في ................**

بحجم 18 نقطة

**من قبل**
**الاسم الثلاثي للطالب**

بحجم 18 نقطة عريض

**بإشراف**
**اسم المشرف**

بحجم 18 نقطة عريض

شهر وسنة المناقشة

**كانون الثاني 2024 ز** **2723ك** **1445ك**

**تعهد الطالب**

**أتعهّد بأنّ إنجاز الرسالة / الأطروحة الموسومة بــ(.......................................                                    ) قد تم بجهدي الشخصي، وأصرّح بأنني كتبت الرسالة/ الأطروحة بنفسي، وحصلت على جميع ما ورد فيها بالوسائل المشروعة، والتزمت بالأمانة العلمية التامة فيما ذكرت من معلومات بعزوها إلى مصادرها، وأتعهد بأنني لم أنشرها من قبل، و لم أقدّمها لأيّ جهة أخرى لنيل درجة علمية.**

**التوقيع:**

**إسم الطالب/ الطالبة:**

**التأريخ:**

## إقرار المشرف

أشهد بأن إنجاز الرسالة/ الأطروحة الموسومة بــ (                    ) قد جرى تحت إشرافي، وأوافق أن تقدم بشكلها الحالي للمناقشة لنيل درجة الماجستير/ دكتوراه فلسفة في (التخصص)

التوقيع:

الإسم :

اللقب العلمي:

التأريخ :

بناءً على التّوصيات المتوافرة أُوافق على تقديم هذه الرسالة/ الأطروحة للمناقشة.

التوقيع:

الاسم:

اللقب العلمي:

رئيس قسم ...............

التأريخ :

بناء على التعليمات أوافق على تقديم هذه الرسالة أو الأطروحة للمناقشة.

التوقيع:

الاسم:

اللقب العلمي :

مسؤول الدراسات العليا في الكلية

التأريخ:

**قرار لجنة المناقشة**

**نشهد -نحن أعضاء لجنة المناقشة- بأنّنا قد اطلعنا على الرسالة/ الأطروحة الموسومة بـــ:**

**(..................................................................................) المقدَّمَة من قبل طالب/طالبة الماجستير/الدكتوراه (اسم الطالب/ الطالبة) ، وقد ناقشناه/ها في محتوياتها وفيما له علاقة بها، وبناء على ذلك نقرّر بأنّها جديرة بالقبول لنيل درجة الماجستير/ دكتوراه فلسفة في ( التخصص).**

التوقيع
الإسم:
عضواً
التأريخ:

التوقيع
الإسم:
عضواً
التأريخ:

التوقيع
الإسم:
عضواً
التأريخ:

التوقيع
الإسم:
عضواً
التأريخ:

التوقيع
الإسم:
عضواً ومشرفاً
التأريخ:

التوقيع
الإسم:
رئيس اللجنة
التأريخ:

**..................................................................................**

**التوقيع**
**الاسم:**
**عميد كلية .............**
**التأريخ:**

Kurdistan Region- Iraq

Council of Ministers

Ministry of Higher Education and Scientific Research

Salahaddin University- Erbil

Directorate of Postgraduate and Scientific Affairs

**Title of Thesis or Dissertation**

20 pt. Bold (Times New Roman)

**A Thesis (Dissertation)**

20 pt. Bold

**Submitted to the Council of the College of……… at**

**Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Science (Master of Art, Master of Education) (PhD.) in……( Specialist )**

18 pt. Normal (Times New Roman)

**By**

18 pt. Bold

**Student Name**

**Supervised by**

18 pt. Bold

**Academic Rank Supervisor Name**

Discussion Date

**December 2024** **2723k** **1445h**

## DECLARATION

**I declare that the Master Thesis (PhD. Dissertation) entitled: Title of the Thesis (Dissertation) is my own original work, and hereby certifies that unless stated, all work contained within this thesis is my own independent research and has not been submitted for the award of any other degree at any institution, except where due acknowledgment is made in the text.**

**Signature:**

**Student Name:**

**Date:**

**APPROVAL**

**This thesis\Dissertation has been written under my supervision and has been submitted for the award of the degree of Master of Science (PhD.) in …………… with my approval as supervisor.**

**Signature:**

**Name:**

**Date: / /2024**

**I confirm that all requirements have been fulfilled.**

**Signature:**

**Name:**

**Head of the Department of**

**Date: / /2024**

**I confirm that all requirements have been fulfilled.**

**Signature:**

**Name:**

**Director of the Postgraduate and Scientific Affairs**

**Date: / /2024**

**VIVA COMMITTEE CERTIFICATION**

**We certify that we have read this thesis (Dissertation): Thesis (Dissertation*) Title*** **and as an examining committee examined the student (Student Name) in its content and what related to it. We approve that it meets the standards of a thesis (Dissertation) for the degree of MSc. (PhD.) In ………………….. .**

| | |
|---|---|
| **Signature** | **Signature** |
| **Name: Dr. Full Name Member** | **Name: Dr. Full Name Member** |
| **Member** | **Member** |
| **Date:** | **Date:** |
| | |
| **Signature** | **Signature** |
| **Name: Dr. Full Name Supervisor** | **Name: Dr. Full Name Chairman** |
| **Supervisor** | **Chairman** |
| **Date:** | **Date:** |

**……………………………………………………………………………………………**

**Signature**

**Name: Prof. Dr. Full Name**

**Dean of the College of …………**

**Date**

بەرگی توێژینەوە

ماجستير/دكتوراه

عنوان الرسالة/الأطروحة

يونس عثمان علي

اقليم كوردستان العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين اربيل
مديرية الدراسات العليا والشؤون العلمية

**عنوان الرسالة/الأطروحة**

**رسالة/ أطروحة**
**مقدمة الى مجلس كلية ......... في جامعة صلاح الدين-أربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير/ دكتوراه فلسفة في ...............**

من قبل
الاسم الثلاثي للطالب

بإشراف
اسم المشرف

شهر وسنة المناقشة

December 2024

# بەرگی توێژینەوە

Ahmed M. Ali

Title of Thesis
or Dissertation

M.Sc. or Ph.D.2023

**Kurdistan Region - Iraq**
**Council of Ministers**
**Ministry of Higher Education and Scientific Research**
**Salahaddin University - Erbil**
**Directorate of Postgraduate and Scientific Affairs**

**Title of Thesis (Dissertation)**

**A Thesis (Dissertation)**
**Submitted to the Council of the College of ..........................**
**at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Science (Master of Art, Master of Education) (Doctor of Philosophy)**
**in ………………..........................(Specialization)**

**By**
**Student Name**

**Supervised By**
**Academic Rank Supervisor Full Name**

**December 2023**